# مەریوان هەڵە بجەیی
# بەرهەمێکی نوێی
# خستە کتێبخانەکانەوە

شاناز حسین
سلێمانی




(مەریوان هەڵەبجەیی) ئەو نوسەرەی لەسەر ئازادی رادەربڕین کەوتە بەر هێرشی ئیسلامییەکانو لەئەنجامی نوسینی کتێبەکەی (سێکسو شەرعو ژن لەمێژووی ئیسلامدا) لەلایەن چەند گروپێکی توندڕەوی ئیسلامییەوە لەکوردستانو دەرەوەی کوردستان کەوتە بەر فتوای کوشتنو بەهەزاران ئازادیخوازیش پشتگیرییان کرد, بەکتێبێك وەڵامی هەموو لایەکی دایەوە.

ئیسلامییەکان پێیان وابوو بەتیرۆرکردنی عەبدولخالق کۆتایی بەرەخنە دێتو ئیتر کەس لەسەر ئەم ئایینە کۆنەپەرستە نانوسێت, ئەوە بوو داهێنەرێکی نوێی وەك ئەم کەڵە نوسەرە لەم بوارەدا دەرکەوت. هەروەها پێیان وابوو بەفتوای کوشتنو تۆقاندنو راوەدوونان ئیتر مەریوان هەڵەبجەیی مەرامی چوونەهەندەرانی بەدەست دێنێ و نانوسێ و رەخنە ناگرێ و دژی کۆنەپەرستی نابێتەوە. بەڵام لەماوەیەکی زۆر کورتدا بەرهەمێکی دیکەی کەوتە کتێبخانەکانەوەو هەموو ئەو نیازە رزیوانەی ئیسلامییەکان مەبەستیان بوو ناردیەوە بۆ مێژوویانو هەڵەبجەیی بۆ هەموو لایەکی سەلماند مەبەستی لەرەخنەکانی هۆشداری کۆمەڵگاکەمانە بۆ پشتگوێ خستنی خورافەو هەنگاونان بۆ ژیانێکی پڕ لەزانستو زانیاری.

لەسەر پشتی بەرگی کتێبەکە مەریوان هەڵەبجەیی نوسیویێتی:

**ئەگەرچی ئەم بەرهەمە زەحمەتێکی زۆری دام بەڵام پشوویەکی درێژخایەنی پێبەخشیم، لەگەرمەی ئەو حەملە پڕ لەتوندوتیژییەی ئیسلامییەکان لەدژی ئازادی رادەربڕینو بەرهەمەکەی پێشووم بەرپایان کردبوو، لەگەڵ ئەو ساتەوەختانەی لەشارەکانی کوردستاندا خۆپێشاندانیان کردو شمشێریان بەرز کردبووەوە، جگە لەوەی بەنوسینێکی دیکەی پڕ لەجەرائەتەوە وەڵامیان بدەمەوە شتێکی ئەوتۆ بۆ من نەمابووەوە.. ئەوان بەتیرۆرکردنی عەبدولخالق مەعروف دەستیان پێکردبوو، بەم دوایە ویستیان بەم کوشتنو تۆقێنەش کۆتایی پێبێنن، بەم بەرهەمەم سەلماندم بۆچوونەکەیان هەڵەیەو تاکە چارەسەرێك بۆ ئاوێتەبوونیان لەگەڵ لۆژیکی سەردەمدا پشتگوێخستنی کۆنەپەرستییەو (توندوتیژی) نەمەبەستیان بێت نەئامانج.**

ئەوەتا کاك مەریوان بەنوسین وەڵامی توندوتیژی دەداتەوە, هیوادارین ئەو ئاواتەی بێتە دی کە دەڵێت:

**تاکە چارەسەرێك بۆ ئاوێتەبوونی ئیسلامییەکان لەگەڵ لۆژیکی سەردەمدا پشتگوێخستنی کۆنەپەرستییەو بیرکردنەوە لە (توندوتیژی) نەمەبەستیان بێت نەئامانج.**

ئەوە ماوەتەوە بڵێن ئەم کتێبە 490 **لاپەڕەیەو** بەم ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە

**خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ ئیسلام**

ئێستا لەکتێبخانەکاندا دەست دەکەون و لەماوەی یەك هەفتەدا زیاتر لە 1000 نوسخەی لێ فرۆشراوە.